

سیمبەگوێرە

# Simbegwire


Rukia Nantale
Benjamin Mitchley
Agri Afshin

kurdisk (sorani) / bokmål
nivå 5

barneboker.no



کاتێ سیمبەگوێرە دایکی مرد، ئەو زۆر خەمبار بوو. باوکی سیمبەگوێرە هەموو هەوڵی خۆی دەدا بۆ ئەوەی ئاگای لە کچەکەی بێت. ئەوان کەم کەم توانیان دووبارە شادی بگەڕێننەوە بۆ ناو ماڵەکەیان بەبێ بوونی دایکی سیمبەگوێرە. هەموو بەیانییەك ئەوان دادەنیشتن و لەبارەی دوارۆژ قسەیان دەکرد. هەموو ئێواران پێکەوە چێشتیان لێ دەنا. دوای ئەوەی کە قاپەکانیان دەشوشت، باوکی سیمبەگوێرە یارمەتی کچەکەی دەدا بۆ ئەوەی. وانەکانی بخوێنێ.

. . .

Da Simbegwires mor døde, ble hun veldig lei seg. Simbegwires far gjorde sitt beste for å ta hånd om datteren sin. Litt etter litt ble de lykkelige igjen, uten Simbegwires mor. Hver morgen satt de og snakket om dagen som lå foran dem. Hver kveld lagde de middag sammen. Etter at de hadde tatt oppvasken, hjalp Simbegwires far henne med leksene.



ڕۆژێك باوکی سیمبەگوێرە درەنگتر لە کاتی هەمیشەی هاتەوە ماڵەوە. بانگی کچەکەی کرد: “کچم لە کوێی؟” سیمبەگوێرە بەرەو لای باوکی ڕای کرد. کاتێك سیمبەگوێرە بینی باوکی دەستی ژنێکی گرتووە، لە جێگای خۆی ڕاوەستا. باوکی گوتی: “کچم من دەمهەوێ کەسێکی تایبەتت پێ بناسێنم.” بە زەردەخەنەوە گوتی: “ئەمە ئانیتایە.”

• • •

En dag kom Simbegwires far hjem senere enn vanlig. “Hvor er du, jenta mi?” ropte han. Simbegwire løp til faren sin. Hun stoppet opp da hun så at han holdt en dame i hånden. “Jeg vil at du skal møte en spesiell kvinne, jenta mi. Dette er Anita”, sa han og smilte.



ئانیتا گوتی: “سڵاو سیمبەگوێرە، باوکت لەبارەی تۆوە زۆر شتی بۆ باس کردووم”، بەڵام ئەو هیچ زەردەخەنەیەکی نیشان نەدا و دەستی سیمبەگوێرەی نەگرت. باوکی سیمبەگوێرە زۆر خۆشحاڵ و قوشقی بوو. باوکی لە بارەی ئەوە قسەی دەکرد، کە چەندە خۆشبەخت دەبن ئەگەر هەرسێکیان پێکەوە بژین. ئەو گوتی: “کچەکەم، هیوادارم کە ئانیتا وەکوو دایکت پەسند بکەی.”

• • •

“Hei Simbegwire, faren din har fortalt meg mye om deg”, sa Anita. Men hun smilte ikke og tok ikke hånden til jenta. Simbegwires far var glad og begeistret. Han snakket om at de tre skulle bo sammen, og hvor godt de skulle få det. “Jenta mi, jeg håper du vil akseptere Anita som moren din”, sa han.



ژیانی سیمبەگوێرە گۆڕانی بەسەرداهات. ئەو چی دیکە کاتی نەبوو کە بەیانیان لەگەڵ باوکی پێکەوە دابنیشن. ئانیتا زۆربەی کارەکانی ماڵەوەی بە سیمبەگوێرە ئەنجام دەدا، بۆیە ئەو زۆر ماندوو دەبوو و ئیتر نەیدەتوانی شەوان ئەرکەکانی قوتابخانەی ئەنجام بدات. ئەو دوای خواردنی ئێوارە یەکسەر دەچوو دەخەوت. تەنها شتێك کە دڵی پێی خۆش بوو، لێفەیەکی ڕەنگاوڕەنگ بوو کە دایکی پێی دابوو. باوکی نەیدەتوانی سەرنجی ئەوە بدات کە کچەکەی دڵخۆش نییە.

• • •

Livet til Simbegwire forandret seg. Hun hadde ikke lenger tid til å sitte sammen med faren sin om morgenen. Anita ga henne så mye husarbeid at hun ble for sliten til å gjøre leksene om kvelden. Hun gikk rett til sengs etter middag. Den eneste trøsten hun hadde var et fargerikt teppe moren hennes hadde gitt henne. Det virket ikke som Simbegwires far merket at datteren hans var ulykkelig.



دوای چەند مانگێك بۆ ماوەیەك باوكی سیمبەگوێرە ئەوانی بەجێ هێشت، گوتی: “من دەبێ بۆ ماوەیەك بچم بۆ سەفەری کاری، بەڵام من دەزانم کە ئێوە ئاگاتان لە یەکتر دەبێ.” سیمبەگوێرە خەمبار بوو، بەڵام باوکی هەستی پێ نەکرد. ئانیتاش هیچی نەگوت، هەروەها ئەویش خۆشحاڵ نەبوو.

• • •

Etter noen måneder fortalte Simbegwires far dem at han skulle være borte en stund. “Jeg må reise på grunn av jobben min”, sa han. Men jeg vet at dere kommer til ta vare på hverandre.” Simbegwire så trist ut, men faren la ikke merke til det. Anita sa ikke noe. Hun var ikke glad hun heller.



شتەکان تا دەهات بۆ سیمبەگوێرە خراپتر دەبوو. ئەگەر سیمبەگوێرە کارەکانی ماڵەوەی ئەنجام نەدابا یان گلەیی کردبا، ئەوا ئانیتا لێی دەدا. لە کاتی نانخواردن ئانیتا زۆربەی خواردنەکەی دەخوارد و تەنیا کەمێکی بۆ سیمبەگوێرە دەهێشتەوە. سیمبەگوێرە هەموو شەوێك دەگریا و لێفەکەی دایکی لە باوەش دەگرت تا خەو دەیبردەوە.

• • •

Ting ble bare verre for Simbegwire. Hvis hun ikke gjorde ferdig husarbeidet, eller klagde, slo Anita henne. Og under middagen spiste Anita det meste av maten, slik at Simbegwire bare fikk noen få rester. Hver natt gråt Simbegwire til hun falt i søvn mens hun klemte rundt teppet fra moren sin.



بەیانییەك، سیمبەگوێرە درەنگتر لە خەو هەستا. ئانیتا بەسەریدا هاواری کرد:
“ئەی تەمبەڵ!” ئەو سیمبەگوێرەی لەسەر تەختە خەوەکە فڕێدایە خوارەوە.
لێفەخۆشەویستەکەی لە بزمارێك گیری کرد و دڕا.

• • •

En morgen brukte Simbegwire lang tid på å stå opp. “Din latsabb!” ropte Anita. Hun dro Simbegwire ut av sengen. Teppet hun var så glad i satt fast på en spiker og revnet.



سیمبەگوێرە زۆر پەشۆکا بوو. ئەو بڕیاری دا کە لە ماڵ ڕابکا. سیمبەگوێرە کەمێک لە لێفەکەی دایکی و هەندێ خواردنی پێچایەوە و ماڵەکەی بەجێ هیشت. ئەو بەو ڕێگایەدا ڕۆیشت کە باوکی پێیدا ڕۆیشتبوو.

• • •

Simbegwire var veldig opprørt. Hun bestemte seg for å rømme. Hun tok bitene fra morens teppe, pakket litt mat og dro av gårde. Hun fulgte den samme veien som faren hennes hadde tatt.



کاتێ خۆر ئاوا بوو، سیمبەگوێرە وەسەر کەوت بۆ سەر درختێکی بەرز کە لە نزیك دەریاچەیەك بوو. لەسەر لقێکی درەختەکە جێگا خەوی خۆی چاک کرد. سیمبەگوێرە بەر لەوەی خەوی لێ بکەوێ، هەر گۆرانی دەگوت: “دایە، دایە، دایە، تۆ بە جێت هێشتم. تۆ بەجێت هێشتم و ئیتر “نەگەڕایەوە. باوکم چی دیکە منی خۆش ناوێ. دایە تۆ کەی دێیتەوە؟ تۆ بە جێتهێشتم.

• • •

Da kvelden kom, klatret hun opp i et høyt tre ved en bekk og redde seg en seng i grenene. Da hun gikk og la seg, sang hun: “Mamma, mamma, mamma, du forlot meg. Du forlot meg og kom aldri tilbake. Pappa er ikke glad i meg lenger. Mamma, når kommer du tilbake? Du forlot meg.”



ڕۆژی داهاتوو سیمبەگوێرە دووبارە گۆرانییەکەی گوتەوە. کاتێك ژنەکان هاتن بۆ ئەوەی لە دەریاچەکە جلوبەرگ بشۆن، گوێیان لە گۆرانییەکی خەمناك بوو کە لە بەرزایی درەختەکانەوە دەنگی دەهات. ئەوان وایان زانی ئەو دەنگە بەهۆی لەرینەوەی گەڵای درەختەکانەوەیە کە با دەیانجوڵێنێ، بۆیە بەردەوام بوون لە کارەکەی خۆیان، بەڵام یەکێك لە ژنەکان زۆر بە سەرنجەوە گوێی بۆ گۆرانییەکە ڕاگرت.

• • •

Neste morgen sang Simbegwire sangen igjen. Da kvinnene kom for å vaske klærne sine i bekken, hørte de den triste sangen fra høyt oppe i treet. De trodde det bare var vinden som raslet med bladene og fortsatte med arbeidet sitt. Men én av kvinnene hørte veldig nøye på sangen.



ئەو ژنە سەری بەرز کردەوە و سەیری درەختەکەی کرد. کاتێ چاوی بە کچە بچکۆلانەکە کەوت کە لەتکە لیفەیەکی پێ بوو، هاواری کرد: “سیمبەگوێرە، برازاکەم!” ژنەکانی دیکەش دەستیان لە جل شوشتن هەڵگرت و یارمەتی سیمبەگوێرەیان دا کە لە درەختەکە بیهێننە خوارەوە. پووری سیمبەگوێرەی لە باوەش گرت و هەوڵی دا بیلاوێـنـێـتەوە.

• • •

Denne kvinnen så opp i treet. Da hun så jenta og bitene av det fargerike teppet, ropte hun: “Simbegwire, min brors datter!” De andre kvinnene stoppet å vaske og hjalp Simbegwire med å klatre ned fra treet. Tanta hennes ga den lille jenta en klem og prøvde å trøste henne.



سیمبەگوێرە چووەوە بۆ ماڵی پووری. ئەو خواردنی گەرمی پێدا و ڕێگەی دا کە سیمبەگوێرە بە لەتە لیفەکەی دایکییەوە بخەوێ. ئەو شەوە سیمبەگوێرە هەر گریا تا خەوی لێ کەوت، بەڵام ئەم گریانە بەهۆی حەسانەوە بوو. ئەو دەیزانی کە پووری باش ئاگای لێی دەبێ.

. . .

Simbegwires tante tok med seg barnet til sitt eget hus. Hun ga Simbegwire varm mat, og la henne til å sove med teppet til moren sin. Den natten gråt Simbegwire idet hun sovnet. Men det var fordi hun var så lettet. Hun visste at tanta hennes ville ta seg av henne.



کاتێ باوکی هاتەوە ماڵێ، بینی کە ژوورەکەی سیمبەگوێرە کەسی لێ نییە، بۆیە بە نیگەرانییەوە لە ئانیتای پرسی: “چی ڕووی داوە؟ “ژنەکەی گوتی کە سیمبەگوێرە هەڵاتووە. دواتر گوتیشی: “من داوام لێ کردووە کە ڕێزم لێ بگرێ، بەڵام لەوانەیە من زۆر سەختگیر بووبم.” باوکی ماڵەکەی جێ هیشت و بەرەو دەریاچەکە بەڕێ کەوت. دواتر بەردەوام بوو تا گەیشتە ئەو گوندەی خوشکەکەی لێ دەژیا بۆ ئەوەی بزانێ کە ئەو سیمبەگوێرەی نەدیوە.

• • •

Da Simbegwires far kom hjem, så han at rommet hennes var tomt. “Hva har skjedd, Anita?” spurte han bekymret. Kvinnen svarte at Simbegwire hadde stukket av. “Jeg ville at hun skulle respektere meg”, sa hun. “Men kanskje jeg var for streng.” Simbegwires far forlot huset og gikk i retning av bekken. Han fortsatte til landsbyen til søstera si for å finne ut om hun hadde sett Simbegwire.



سیمبەگوێرە خەریکی یاریکردن بوو لەگەڵ مناڵەکانی پووری کە لە دوورەوە باوکی بینی. ئەو ترسابوو لەوەی کە باوکی توورە بێت، بۆیە هەڵاتەوە ژوورەوە بۆ ئەوەی خۆی بشارێتەوە، بەڵام باوکی بەرەو لای ڕۆیشت و گوتی: “سیمبەگوێرە، تۆ باشترین دایکت بۆخۆت دۆزیوەتەوە. کەسێك کە تۆی خۆش دەوێت و لە تۆ تێدەگات.” ئەوان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە سیمبەگوێرە تا ئەو کاتەی پێی خۆش بێ لە لای پووری بمێـنـێـتەوە.

. . .

Simbegwire lekte med fetterne og kusinene sine da hun så faren sin på lang avstand. Hun var redd han skulle bli sint, så hun løp inn i huset og gjemte seg. Men faren hennes gikk til henne og sa: “Simbegwire, du har funnet den beste moren i verden. En som er glad i deg og forstår deg. Jeg er stolt av deg og glad i deg.” De ble enige om at Simbegwire skulle bli boende hos tanta si så lenge hun ville.



باوکی هەموو ڕۆژێ دەچوو بۆ سەردانی کچەکەی. لە کۆتاییدا لەگەڵ ئانیتا ڕۆیشتن. ئەو دەستی درێژ کرد بۆ ئەوەی دەستی سیمبەگوێرە بگرێت. دواتر گریا و گوتی: "من زۆر دوای لێبووردن دەکەم بچکۆلانەکەم، من هەڵەم کرد. ئایا دەرفەتیکی دیکەم پێ دەدەی؟" سیمبەگوێرە سەیرێکی باوکی کرد و بینی کە ڕوخسارێکی نیگەرانی هەیە، بۆیە بەرەو لای ئانیتا ڕۆیشت و دەستەکانی کردەوە و باوەشی بە ئانیتادا کرد.

. . .

Faren hennes besøkte henne hver dag. Etter hvert kom han med Anita. Hun rakte hånden til Simbegwire. “Jeg er veldig lei meg, vesla, jeg tok feil”, gråt hun. “Vil du la meg prøve igjen?” Simbegwire så på faren sin og den bekymrede minen hans. Da gikk hun bort til Anita og la langsomt armene rundt henne.



هەفتەی داهاتوو، ئانیتا، پووری و منداڵەکانی پووری بانگهێشت کرد بۆ نانی ئێوارە. چ خوانێکی ڕازاوە! ئانیتا هەموو ئەو خواردنانەی دروست کردبوو کە سیمبەگوێرە حەزی لێبوون، تا تێربوون خواردیان. دواتر منداڵەکان خەریکی یاریکردن بوون لە کاتێکدا گەورەکان سەرقاڵی قسەکردن بوون. سیمبەگوێرە هەستی بە شادی و شانازی دەکرد. ئەو زوو بڕیاری دا، کە بە زوویی، بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ باوکی و باوەژنی پێکەوە بژین.

• • •

Neste uke ba Anita Simbegwire, sammen med fetterne, kusinene og tanta, hjem til seg på et måltid. For en fest! Anita lagde alle yndlingsrettene til Simbegwire, og alle spiste til de var gode og mette. Deretter lekte barna mens de voksne snakket. Simbegwire følte seg glad og modig. Hun bestemte seg for at snart, veldig snart, skulle hun flytte hjem og bo med faren og stemoren sin.

# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## سیمبەگوێرە

## Simbegwire

Skrevet av: Rukia Nantale
Illustret av: Benjamin Mitchley
Oversatt av: Agri Afshin (ckb), Espen Stranger-Johannessen (nb)

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 3.0 Internasjonal Lisens.